کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

27-12-2006 17:52بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## زمان ناسنامەی نەتەوە یی ... هێژا مەنگوڕ

زمان یەکێك لە هۆیە سەرەکیە کانە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کەواتە ئەرکی سەر شانی تاك تاکەکانی ناو کۆمەڵگایە کە ئەوناسنامەیە وەك خۆی بپارێزن و هەر کەس بە کەیفی دڵی خۆی بەکاری نەهێنی. ئەر لە سەرەتای دروست بوونی بنی ئادەم، مرۆڤ کۆمەڵە یاسایەکی بۆ ژیانی هەبوە کە لادان لەو یاسایانە مرۆڤ تو شی سەر لێشێواوی وناڕێك و پێکی دەکات. لە سەرەتای دەست پێکردنی ژیانی مرۆڤەکان لە سەر گۆی زەوی هیچ زمانێك وەك نوسین و ئاخاوتن لە ئارادا نەبوە بۆ لە یێکتر تێگەیشتن، بەڵام جۆرێك لە زمان هەبوە بۆ پێوەندی و داواکردنی داخوازیەکان و دەربڕینی هەست ونیستی مرۆڤ، ئەو زمانە هەمان زمانی گشتی جیهانە زمانی ئاماژەیی یە، مرۆڤ ئەوکات لە دەست و لاق و چاو کەڵکی وەرگرتوە بۆ دابین کردنی ویست وداخوازیە کانی، ئەوزمانەش یاسای تایبەتی خۆی هەبوە، یاسای تایبەتی هەبوە بەو واتایەی نا کە دەستەڵاتێك هەبوبی و یاسای دانابی، تەنیا سیستمێك هەیە کە مرۆڤەکان بێ ئەوەی هەستیان پی کردبی پاراستویانە، لادان لەو یاسایانە گرفتی لێك تی نە گەیشتنی لێکەوتۆتەوە! بۆ نمونە:مرۆڤی ئەو سەردەم بۆ پارێزگاری کردن لە گیانی لە بەرابەر ئاژەڵە درندەکان دا دەنگی بەرزی لە خۆی دەر کردوە و دەستی بە هەراو هوریا کردوە، تا ئاژەڵەکە بترسێنی خۆ نەدەکرا لە جیات ئەو هەراو هوریا ساز کردنە لە بەرابەر پڵینگ دا پێکەنیبایە، ئەوە چی لێدەکەوتەوە؟. کە سەرنج بدەین زیندە وەرە کانیش زمانێکی تایبەتیان لە بەینی خۆیان هەیە بۆ لێکتر تێگەیشتن، ئەو زیندە وەرانەش یاسایەکیان هەیە کە بە بی ئەوەی هەستی پێبکەن دە بیپارێزن و پەیرەوی لێدەکەن. بۆ نمونە پشیلە بە زمانی تایبەتی خۆی (میاو میاو) دەکات، تاکو هاو ڕەگەزەکانی تری خۆی (پشیلەکانی تر) تێدەگێنی کە داخوازی و دەرد و مەرگی چیە. !خۆ ناکری پشیلە یەك وەك مشك (سریوە سریو) بکات، تا هاوڕەگەزەکانی تری خۆی لە ویست و دەروونی ئاگادار کاتەوە. کەواتە ئەگەر پشیلە یەك دەنگی مشك لە خۆی دەر ببرَی تووشی سزا دەبێتەوە بە هۆی دروست بە کار نەهێنانی زمان!لەوا نە یە پرسیار بێتە پێش کە چۆن تووشی سزا دەبێتەوە؟تۆ دەڵێی ئەگەر پشیلە یەك لە نێو سی چوار پشیلە دەنگی مشك لە خۆی دەر ببڕی هیندی یەك و دوو کەوڵی نەکەن!! جیاوازی مرۆڤ و بونەوەرەکانی تر تەنیا لە یەك شت دایە ئەویش هەر وەك ئەرەستۆ دەڵی: "مرۆڤ بوونەوەرێکی خاون بیر و هۆشە". مرۆڤەکان وەك ئاژەڵەکان زمانیان هەیە بۆ لە یەکتر تێگەیشتن، لێرە دا جیاوازی بەینی مرۆڤ و بوونەوەرەکان ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانی زمانە کەی وەك خۆی کە دەیهێنێتە ئاخاوتن لە چوار چێوەی هێندێك یاسای تایبەت بەزمان لە سەر لاپەڕە کان بنووسێتەوە. لەنووسینەوەی زمانیش ناکری هەرلە گۆترە سەر پێوەنیێ، هێندێك یاسای تایبەتی خۆی هەیە کە دەبی بپارێزرێن ئەگەرنا کێشەی جیا جیا ساز دەبی. لە کۆمەڵگایەك ئەگەر هەر کەس بە حەزی دڵی خۆی زمان بە کار بهێنی ویاساکانی گشتی زمان نەپارێزی ئەوە زمانی ئەو کۆمەڵگایە چی لێدێت؟؟وڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە پاش ماوەیەك گێرە و کێشەیەك دروست دەبی کەس لە کەس تێ ناگات. ئەو پێشەکیە بۆ ئەوەیە کە شکاندنی یاسا بە تایبەت لە سیستمی زمان بە کار پێنان دا چی لێدەکەوێتەوە. با بێینە سەر کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان بزانین ئێمە وەك نەتەوەیەکی سەر بەخۆ (مەبەست لە سەربەخۆیی پێناسەیە، نەتەوەی خاوەنی زمان وخاك ومێژوو) زمانی تایبەتی خۆمان هەیە ناوی زمانی کوردیە. زمانەکەمان یە کێك لەو زمانانەیە کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەربڕیَنی پیت وبرگە و دروست

کردنی ووشە و ئەوجار ڕستەو دەق. دیارە زمانی کوردی بەردەوام کەوتۆتە لایەنی کەمتەر خەمیەوە لە بەر هۆی نەبوونی دەستەڵاتی کوردی و کاریگەری زمانە بێگانە کان. بە شێوەی پێویست وەك زمانەکانی تر خزمەتی پێ نەکراوە ٗزۆر سروشتیە کە لە بواری زانستیوە هەژار ماوە تەوە. بەڵام ئێمە کارمان بەو لایەنە نیە کە بۆچی خزمەتی پێنەکراوە و بۆ ژێر دەست بۆە و بۆچی نەتەوەی کورد نەتوانیوە بەزمانی زکمانگی خۆی بنوسی و بەرهەمی ئەدەبی هەبی (مەبەست کەمی بەرهەمی ئەدەبیە) . مەسەلە یەك هەیە دەڵێن "زۆر باسی ڕابردوان نەکەین، ئەوەی هەیە گرینگە " ئەوەی ئێستا هەیەو پێی دەڵێین زمانی کوردی با هەر زمانی کوردی بمێنێتەوە بۆیە پێویستە هەوڵی بۆ بدری کە وەك ئەرکێك لە سەر شانی هەموو لایەنەکان بی، لە تاکەکەسە کانی بازار ڕا بگرە تا دەگاتە شوێنە ئاکادمی و ماموستای زانکۆ و خوێندکار و توێژی خوێندەوار و ڕۆشەنبیر. هەر کەس بە ڕاَدەی تێکەیشتنی خۆی لە زمان کار بۆ پاراو کردن و ڕەسەن ڕاگرتنی زمانی دایکی بکات. مەبەست لە ڕەسەن ڕاگرتن ئەوەیە کە کاتێك بۆ پێناسەی شتێك یا ڕوداوێك یا کارێك واتای کوردیمان هەیە چ پێویست دەکات ووشە یەکی بێگانە بە کار بهێندری. زۆر نمونە هەن کە بە ساکاری لێیان دەگوزەرێین، وەك کاتێك: ووشەی فرۆکە خانەمان هەیە چ پێویست دەکات ووشەی " مەتار "ی عە ڕەبی بە کار بهێندری یا کاتێك ووشەی جوانی وەك:خوێندکار وزانکۆ مان هەیە چ پێویست دەکات لە ووشەی ناجوانی! " تەلەبە و جامیعە " کەڵك وەر بگرین. دیارە ئەوەش پێویستی بە ڕادەی ڕۆشەنبیری خەڵك و کاریگەری ڕاگێند راوەکان و هەستی ناسیۆنالیستی وە هەیە. بەڵام ئە گەر هەر کەس لە بەر خۆی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات لە ئاست ڕەسەن ڕاگرتنی زمان کێشە کەبەرەو چارە سەری دەڕوات. زمانی کوردی تایبەتی زوری هەن کە زمانە کانی تری دراوسێی نیەتی، بۆ نمونە:کوردێك بە زمانی کوردی پەتی بدوی نە فارس و نە عەڕەب و نە تورك لێی تێناگات بە ڵام، فارسێك ناتوانی بە شێوەیەك بێتە ئاخاوتن کە کوردێك یان عەڕەبێك لانی کەم لە چەند ووشە یەکی تی نە گات. ! ئەوە لایەنی زارە کی زمان بۆ، بەڵام زمان لایەنێکی تریشی هەیە ئەویش لایەنی رێنووسە کەیەتی کە لە لایەنی زارەکی گرینگترە. بۆیە گرینگترە چون ئەدەبی پێ دەنووسرێتەوە، ئەدەبیش بریتیە لە: تۆمار کردنی هەر چی فەرهەنگ و هەڵسووکەوت و زانست و ڕوداو دیاردەی ناوکۆمەڵگایە، کەواتە پەیڕەوی کردن لە یاسای رێنووسی زۆر پێویستە. لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی رێنوسی ئەدەبی کوردی دا هەندێك سەر لێشێواوی و بێ سەرەو بەرەیی وەدیار کەوتوە، لەو قۆناغە دا کە ڕاَست پێویستە لە هەموو لایە کەوە هەوڵ بۆ جوان کردن و پاراستنی زمانی دایکی بکرێت. هەر کەس و لایەنەی بە حەزی دڵی خۆی زمان بە کار دهێنی. ئەمڕۆ دەبینین هەر کەس نووکی قەڵەمی بە کەیفی خۆی لە سەر لاپەڕە دەخولێنەتەوە و هیچ لایەن و دەستەڵاتێکیش نیە بڵی ئەوە بۆ وا لەو زمانە بەستەزمانەی! دەکەی. ؟ راستە زمان بۆ لێك تێگەیشتنە، زۆر نابی بەر تەسك بکرێتەوە، بەڵام وای لێهاتوە کەلێك تریش تێ ناگەین بەوشێوە بە کار هێنانەی زمان. کورد کوتەنی:" بەرد لە جێگای خۆی قورسە". کەواتە بە کار هێنانی ووشە کانی زمانیش لە شوێنی خۆیان ئەرزش و بایخی خۆیان هەیە و ئەگەر بێت و بێ رەچاو کردنی هەر چەشنە یاسایەکی واتایی زمان ووشە کان بە کار بهێنین، بێ حورمەتیە بە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی، ئەمڕۆ بە هەزاران نمونەی هەڵە هەن لە نوسراوەکان دا کە کەس هەر بە خەیاڵیشی دا نایە کەهەڵیە. بۆ نمونە لەو رستەیە دا کەهاتوە: "دڵنیگەرانین بە فەوتی باوکی حەسەن "ووشەی دڵنیگەران بە هەڵە بە کار هاتوە، دڵنیگەرانی بە واتای دڵە ڕاَوکی، دوودڵی، دێت نەوەك دەربڕَینی خەم و بەژارە؟. ئەمەو بێژمار نمونەی هەڵی تری رێنوسی زمان. لە زۆربەی

27-12-2006 17:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وڵاتان شوێنی تایبەتی داتاشین و لە جێگەی خۆی بە کار هێنانی ووشە کانی زمان هەیە کە پێی دە لێن ( (institute) ) " ئەنیستیتۆی " زمان، کاری ئەو شوێنە فەرهەنگیەو لێکۆڵینەوە لە سەر واتا و ڕێزمانی ووشەکانی زمان و پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانە، بەڵام لە ولاتە کەی ئێمە هەر باسیشی لێوە ناکرێ، هەر کەس لە بەر خۆی هەر چۆن دەمی بزوت ئاوا وشەی زمان دادێنی، بۆیە زۆر پێویستە کە کاری جیددی بۆ بکرێ و ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەوە چاوەروانیەکە کە بە پەرۆشانی زمانی زوڵم لێکراوی کوردی لە حکومەتی خۆماڵی هەیانە!؟